هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الـوزراء

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٤٤) لە ٢٠٢٠/١/٢٢

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و بە گوێرەی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٢٢٠) لە یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو (بەرکار لە هەرێمی کوردستان)، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٠) لە ٢٠٢٠/١/٢٢، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا:

١. پەسەندکردنی پرۆژە پەیڕەوی پیادەکردنی پیشەی چاودێری و وردبینی ژمێریاری لە هەرێمی کوردستان-عێراق (نظام ممارسة مهنة مراقبة وتدقيق الحسابات في إقليم كوردستان-العراق) کە لەلایەن ئەنجومەنی شوورای هەرێمی کوردستان پێداچوونەوەی پێویستی بۆ کراوە.

٢. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە و پەیڕەوی هاوپێچ جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)ەوە.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران